## لەتێ بیرکردنەوە... بە دەنگی بەرز!


**شنە**

shine_behar@yahoo.se


ئەمشەو دەتدەمە دەم( با)وە، بلا بۆ هەمیشە بتبا!
دیسان چی هاوردتیە ئەم گوزەرە؟
خۆ( با) لە مێژە هەڵناکا، خۆ باران لە مێژە نابارێ
خۆ تەمەنێکە گوێم لە گرمەی هەور نەبووە..
دە پێم بڵێ بۆ لە ناکاو وەک خێو یان مێردەزمە پەیدا دەبی؟
مەر نازانێ پەیک لە ڕووی ئەم زەمینە نییە، پەڕە کاغەزێک چییە، لێرە دەست ناکەوێ، دەنگ لە گەروودا قەتیس دەبێ، هەناسە دەیبەستێ و
چاوتروکاندن گیانی تێدا نامێنێ و
دەبێتە بەرد...!

دە بڕۆ با بۆ هەمیشە بتنێژم...
با خەونی لە دایک بوونەوەی تۆ بکوژێنمەوە، بیشۆمەوە و
لە ناو بەرم...
با خەون بە تۆوە بکەمە مستێ خۆڵو لە دەریای هاوێم،
بیکەمە دەسکێ پووشو بە شەمچەیەک بیسووتێنم،
با بیکەمە پەلکەکانی خۆم و لە بندا بە مەقەستێ بیقرتێنم...

ئەمشەو لە پەنجەرەکەوە دەڕوانمە دەرەوە و چاوەڕێمە کزە بایەک هەڵکا، چاوەکانم لە تەنیا خاڵێ گیر کردووە، چڵەدارێ! هیشتا گەڵای زەردی پێوە ماوە،
کزەبایەکی بەسە، بوەرێ،
یان( با) دەیخاتە خوارەوە، دەنووسێتە پاژنەی کەوشی منداڵە وورتکە.... یان
دەیباو برکی دەداتە نێو زبڵدانێکەوە!

ئەمشەو دیسان هاتی و مێردەزمەی تۆ، یان خێوی تۆ خۆی نیشاندام،
گاهێ زراوم دەتۆقێنێ و گاهێکیش بۆنی بارانم بۆ دێنێ
هەر ئێژی خاتوو شەیتانی نێو کتێبی ماڵی خوداپەرستەکانە
دێتو ئەلفی تۆم بە گوێدا دەچرپێنێ
بۆنی هەناسەی لە بۆنی شەوێکی هاوین دەچێ،
هاوینە شەوێکی ئەفسووناوی...
بلا هەر زستان بێ!!
چش لە تاسەی بینینی خۆر،
چش لە حەسانەوەی ژێر سێبەر،
چش لە دەنگی شەپۆل ، بۆنی گیای تەڕ... چش لە چاوچاوەی ماسییە کلک زێڕینەکان،
چش لە میهرەبانیی پەپوولە، لە شینایی ئاسمان...
چش لە قەترەیەک لە دەریای یادەکانت!

تۆ مێردەزمەیەکی، خێوێکی! خۆتم لێ دەکەیتە فریشتە، سپی سپی...وەک کلوە بەفر، وەک چەرموویی پرچی دایە گەورە، وەک سپیایی چاوی منداڵ،
وەک .... نازانم؟ ! وەک گشتجارێ،
کاتێ دیسان هەمووم سپی دەبوو لە حەنای تۆ!

جوڵەی وەک شنەی با، وەک سەمای کراسی بۆکێنی شۆخەکەی هاوسێمان... بە سەر تەنافەوە! وەک قەترە قەترە، بارینی فرمێسکی خۆی و دڵدارەکەی سەربانی ئەوبەر..

دەنگی وەک
یەکەمین چرپە، یەکەمین تەقەی قاپیی دڵ، وەک
یەکەمین هەنگاو.....

تامی
وەک ماچ!

کەچی دێیتو زراوم دەتۆقێنی، دێیت و بەردەم دەرگاکەم لێ دەگری، دێیت و ناهێڵی هیچ شتێ ئۆرگیناڵ بێ،
هەموو شتێ لەت و نیوە دەکەیت، نیوەکەی تری
دەدزیت!
هەر جارێ دێیت وەک مێردەزمە یان خێوێکی فریشتەئاسا سپی...
تامی ئاو، بۆنی گوڵ
تەنانەت ڕۆژو شەویش لە ناوەڕاستا لەت دەکەیت، لەتەکەی تری بۆ خۆت دەبەیت،
دەیدزیت!

گەر بتدەم بە دەم باوە،
گەر لە دەریات هاوێم،
گەر بتکەمە خۆڵەمێش و بێ ڕەنگتکەم، نیوەکانی ئەو هەمووە، لە تەک خۆتا دەبەی؟

2006